# ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کارنامەی رۆژی شەممەی داهاتووی بڵاوکردەوە



ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق،کارنامەی رۆژی شەممەی داهاتووی بڵاوکردەوە

فەرمانگەی راگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە:-بەگوێرەی خشتەی کاری کۆبونەوەی پەرلەمانی عێراق کە بڕیارە رۆژی شەممە کاتژمێر 1:00ی پاشنیوەڕۆ کۆببێتەوە، لە بڕگەی یەکەمدا گفتوگو و خوێندنەوەی دووەم لەسەر پرۆژەیاسای پشوە فەرمیەکان دەکرێت.

هەر بەگوێرەی خشتەکە، لە بڕگەی دووەمی کۆبونەوەکەدا گفتوگۆ و خوێندنەوەی دوەم بۆ پێشنیازی هەمواری دووەمی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ژمارە 31ی ساڵی 2019 دەکرێت کە لەلایەن لیژنەی یاسایەوە ئامادەکراوە، بڕگەی سێیەمیش هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دەبێت.